## ڕوونکردنەوەیەک

سەرەتای 1991 ئەم پێنج کورتەچیرۆکەم ( پەریخان، ترەکتۆر، چەتر، گومان ، کاکل بەدوای کاردا وێڵە)بەهۆی حەمەسەعی ـ ی برامەوە، لە چاپخانەی هەڵەبجەی وڵاتی سوێد، بەناونیشانی پەریخان و لەژێر ناوی خوازراوی (پشتیوان)دا، چاپ و بڵاوکردەوە. لەژێر ئەو نازناوەدا بڵاوم کردنەوە؛ چونکە ئەوی ڕاستی بێ ئەگەری ئەوە هەبوو بەناوی خۆمەوە بوونایە، منێکی مامۆستا، کە لەسلێمانی لەبەردەستی ڕژێمدا بووم ، دووچاری لێپێچینەوەو لێپرسینەوەی زیاتر ببوومایە. چونکە تا ئەو ڕۆژەی ڕاپەڕین ڕوویدا ناوبەباو دەزگای ئاسایشی ڕژێم بۆ لێپێچینەوە بانگیان دەکردم و تەواو سەغڵەتیان کردبووم. ئەوەش لەولاوە بوەستێ، لەو سۆنگەیەوە کە سەرۆکی دەستە کاتییەکەی (یەکێتی نووسەرانی کوردستان/ لقی سلێمانی)ی سەردەمی ڕاپەڕین بووم. ئەو دەستەیەی لە 19.03.1991 هەڵبژێردراو چالاکییەکی بەرچاوی هەبوو ئەوەندەی دی ئێسکم لەلای دەوڵەت قورس ببوو. جێی باسە حکوومەتی عێراق لەئوکتۆبەری هەمان ساڵدا شارەکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆکی چۆڵکرد.* ئەگەر خوێنەر سەرنجی ناوەرۆکی چیرۆکەکانی ( ترەکتۆر ، گومان، کاکل بەدوای کاردا وێڵە) بدا، بەئاشکرا دیارە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارەن ،کە کورد لەسایەی ڕژێمی بەعس دا دووچاری ببوو. دیارە چیرۆکەکان باسی چی دەکەن. وەختاییێ بڵاو کتێبەکە بڵاو بۆوە کەم کەس دەیانزانی ئەو نووسەرە ئەزم. هەربۆیە دەمەتەقێی نەهێنایە ئاراوە. وەکیدی بەتیراژێکی کەم چاپ بوو. ژمارەیەکی کەمیشی گەیشتەوە وڵات. دوای ماوەیەکی کورت لە بڵاوبوونەوەی، ئەوەبوو ڕژێم ناچارما لەکوردستان بکشێتەوە.

خۆ ناشوکری نەبێ ڕەخنە و توێژینەوەی ئەدەبی لە کوردستاندا لەنرخی نەبووانە، دەنا لە چیرۆکی پەریخان دا، بەئاشکرا دیارە، کە بیست ساڵێک بەرلە ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ئاشکرابوونی فایلەکانی بەغدا، پێشبینی ئەوەم کردووە کە هەندێ بەناو سەرکردە لەژێرەوە پیاوی ڕژێمی بەغدان. ئەوەبوو دوای ڕووخانی ڕژێم، پێشبینییەکەم بەڕاست گەڕا. ئەوانەش بە فایلڕەش ناسران و دەستیان کەوتەڕوو. ئەگەرچی پێشبینی نووسەران لەدنیادا گرنگیی زۆری پێدەدرێ، کەچی لای خۆمان کەسێ نەبوو ئاوڕێ لەم مەسەلەیە بداتەوە. جێی وتنە کاتی خۆی سیانیان وەرگێردراونەتە سەر زمانی فارسی و عارەبی. ئەم چیرۆکانە بەلای خۆمەوە زێدە ئازیزن و مایەی سەربڵندی و شانازیمن. بۆیە لەبەر ئەو هۆیانەی بروسکەیی ئاماژەم پێدان ئەمجارەیان بەناوی تەواوی خۆمەوە بڵاویان دەکەمەوە.

* ساڵی 1985یش بەهەمان ناوی خوازراوی (پشتیوان)ەوە، نامیلکەیەکم بەناونیشانی (هونەرو مەسەلەکانی سەردەم)،کە بریتی بوو لەچەند لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ بارو دۆخی ئەو سەردەمەی هونەری شێوەکاری کورد، لەسایەی بەعسی ناوزڕاودا، لەچیا بڵاو کردەوە. جێی باسە، وەک دەست پێشخەریی و مێژوو، ئەوە یەکەم کتێبە لەسەر هونەری شێوەکاری کورد بدوێ، و کوردێک لە باشووری کوردستان نووسیبێتی.

کۆبنهاون، فێبرووەری 2005

# پەریخان

چیرۆکی: محەمەدفەریق حەسەن

www.dengekan.com

دەڵێن: (گورگێک بۆی هەیە ملی سەد سەر مەڕ بشکێنێ. بەڵام لەسەری سەدهەمدا خۆیشی دەپسێ. گورگ هەرکە فیچقەو بازرەقەی خۆێنی بینی، چاوی سوور دەبێ و هێزێکی ئەفسانەیی تێدەڕژێ.)

* *

چەند هەواڵێکی کوتوپڕە کاتێ دەیدا بەگوێی خەڵکی ئاواییدا و دەرگەی هەموو ماڵێک دەقلیشێنێتەوە.. تاشەبەردێکە، لە کلاوەی چیاوە خل دەبێتەوە. دەنگ و دەنگدانەوە بەرپادەکا و بە شوێن خۆیدا وردە تاوێر و گلمتک خلۆردەکاتەوە.. دەوەن و بنچک دەشێلێ.. هەتا بێتە خوارتر، وزە و خێرایی پتر دەبێ و لەسەر سینگی چیاوە بەرەو گۆمی دێ؛ گوڕ دەخواتەوە و شلپ و هووڕ دەیشلەقێنێ!.. هەواڵەکە بروسکە و هەورەناڵەیەکە، دڕ بە تاریکی دەدات و بە توندیی پەردەی گوێ دەلەرێنێتەوە!.. جووتیار، پێڵاو لەپێ هەڵدەکێشن و بەکۆڵانە خوارو خێچەکاندا بەرەو بەرهەیوانی مزگەوت دێنەخوار.. وردە وردە مزگەوت پەنگ دەخواتەوە.

یەکەم: نەبووە و نابێ!.. بۆی هەڵدەبەستن!

دووەم: ڕێبواری شوان لەکوێ و کاری وەها چرووک لەکوێ؟!

سێیەم: بەچاوی خۆم ببینم، هێشتا هەر باوەڕ ناکەم!.. ئەمە کەی ڕووی داوە و لەکوێ؟

چوارەم: جا بۆ بڕواناکەن براگەل؟.. پاش چی؟.. هەر لە یەکەم مەڕەوە، کە بەگورگان خوارد چوو، سمکۆ گومانی لێ پەیدا کردبوو!

باوکی پەریخان: دەک سەر بەدواوە نەهێنێ!.. هەرچی چۆنێک بێ بەچاوی خۆمان ببینین چاکترە!

سمکۆ: دەزانم ئەم هەواڵە سەختە بە گوێی زۆربەتاندا ناچێ.. ئەوەیش دەزانم، کە خەڵکی ئەم دێیە، هەتا کارەساتەکە بە چاوی خۆیان نەبینن نایسەلمێنن و ددانی پێدا نانێن.. دەفەرموون ئەوەی ئارەزووی لێیە، با بێت بیبەمە سەر هەوارگەی نوێی کاک ڕێبوار.. جێبەکە لە ئاواییە، هەمووی چەند ساتێکمان پێدەچێت.. بەڵام مەرجێکم هەیە!

هەموو: زووکە مەرجەکەت بڵێ..؟!

سمکۆ: دەبێ پەریخانمان لەگەڵدا بێ!

* *

جێبە سپییەکەی دێ تەکان دەدات. لەبەر تیشکی خۆرەتاو دەبریسکێتەوە. بەشوێن خۆیدا گەڕداوێک گەڵای وەریو و پەپوولە پایزە گێژدەدا و پاشان بە ئاسمانی بێ پەیدا بڵاویان دەکاتەوە. جێبەکە بێ وچان ڕێ دەبڕێ.. هەندێ جاران باسک و گردۆڵکەکان دەینێنە بان تەوقی سەریان، بڕی جاریش دەکەوێتە نەدیوی و دەرە و دۆڵەکان دەیگرنە ئامێز.. بڕێ جاریش دەشتە بەرینەکان دەیخەنە سەر لەپی دەستیان.

* *

گوند نەوبووکێکە، شانی داداوەتە سەر سینگی چیا و پاو پووزی لەناو چۆم و سەرچاوەکانی لای پایندا هەڵکردووە.. ئاوی سازگار و پاوەنی زۆر.. وەک لەبنەڕەتەوە بۆ دەوڵەت ڕاگرتن و ماڵیات بەخێوکردن ڕسکابێ.. هەموو بەیانییەک خۆر بە پەنجەی زێڕینی خۆی، دەیان تابلۆی ئاویی گرانبەها دەکاتە گەردنی کەژەکانی پشتی دێ و بەلاپاڵ و سەهەندەکاندا هەڵیاندەواسێ.

ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێت ڕێبوار ڕێی کەوتۆتە ئێرە.. خەڵکی ئەم گوندەش ڕێبواریان بە شوانی مێگەلەکەیان پەسند کردووە.. ئەو، هەر ئێوارەیەک و بۆ شێو، میوانی سەر خوانی ماڵە جووتیارێکە. ڕێبوار بە شمشاڵی کەمەر و توێشەبەرەی پشت و گاڵۆکی دەستییەوە، بە هاوکاریی گەماڵە دڕەکانی، شوانێکی کۆک و گاڵتە پێنەکراوە.. بەئاوازی شمشاڵەکەی، دەروونی چیانشینان لە ڕک و کینە دەشۆرێ.. لە گەرووی شمشاڵەکەیەوە ئەفسوونێک دەڕژێ، بۆی هەیە لەوپەڕی هێمنیدا دەروونت بهێنێتە جۆش.. یان لە گەڕی ڕەشبەڵەکدا بتخاتە هاڕەی گریان و بانگ هەڵدان.

(( ئەوی حەوت ساڵان شوان بووبێ بەهەشتییە. شوان لەدەشت و دەرە. عاشقی کێو و بەندەنە.. نە گۆشتی کەس دەجوێت و نەچاوی لە ماڵی خەڵکییە.. شوان پێیخۆشە خۆی برسی بێ و پەزەکانی تێر..))

ئەمە ڕای خەڵکی دێیە بەرامبەر بە شوان. ئەوە ماوەیەکە خەڵکی دێ، بەتایبەت بێریان، سووسەیان کردووە، ئێواران کاتێ دەچنە مەڕدۆشین، ڕێبواری شوان وەک لە پێشوازیی ئازیزێکدا بێ، هەڵدەکاتە بان بەردەبێری و ڕووەو ئاوایی قامکان لەشمشاڵ دەبزێوێ.. بەڵام هیچ کام لەو ئاوازانە ناگەنە ئەوەی، کاتێ پەریخان بەدیاردەکەوێ، فووی پێدا دەکا و دەیلەقێنێتەوە. ئەو ئاوازەیان تایبەکاری و دانسقەیە.. هەندێ دەڵێن سروودێکە ؛ هەم ئاوازە و هەم هۆنراوە.. هەیە، یەکە بەیەکەی وشەکانی دەخوێنێتەوە.. هەوایەکی دڵنەوازە و بەزمانی شمشاڵ ؛ ڕاز و نیازێ دەگێڕێتەوە، نهێنییەکی بەرز و پیرۆزی لێ دەڕژێ..

پەریخان لای ئێواران؛ وەختێ دەچێتە نێو پەزان، ڕووی وەک مانگی چواردەی لێدێ، ئاڵ، بە دەوریدا خەرمانەی نوورێکی زیوین پەرژینێتی.. ئەگەرچی پەریخان تازە دەگاتێ، بەڵام لەو ئافرەتانە دەچێ، کە لەکتێبە پیرۆزە ئاسمانییەکانا ناویان دێ. پەریخان لەنهێنی ئاوازەکەی ڕێبوار حاڵییە!.. زۆر ئێواران بینیویانە، تەڵێ ڕێحانە ڕەشە، تەڵی نێرگز، یان گوڵەباخێکی خۆماڵی دەدات لەقژ.. بەڵام، کاتێ بە جامە شیرەوە دەگەڕێتەوە، گوڵەکەی بە سەرەوە نەماوە!.. دەڵێن:" پێشکەش بە ڕێبواری شوانی دەکا" ڕێبواریش ئەوەندەی لە پەریخان دەچێتە پێشەوە و بە دەوریدا دێ، نیو ئەوەندە بەدەوری بێرییانی دیکەدا ناچێ.. دیوبانە مەڕی بۆ دەگرێ!.. کاتێکیش تاریکی لەوەدایە باڵ بکێشێ، هەر شتە و بەوادەی خۆی.. هەرمێ کێویلە، هەڵەکۆک، کوارگ، گورزەیەک ڕێواس، بە دیاری دەداتە پەریخان. تەنانەت قسەی ئەوەیشی لێدەکەن: " پەریخان جامەدانییەکەی بۆ هەڵدەبەستێت." ڕێبوار یەکە بەیەکەی مەڕەکانی پەریخان دەناسێ و دەتوانێ بەئاسانی لە مێگەل بڕیان بکات.

ـ سوپاس ڕێبوار.. چەند چەپکێکی جوانە.. نێرگزی بناری چیایە!

ـ جا نێرگز چییە پەریخان؟. ئەم دەشت و هەڵەتە بەتۆوە جوانن. لە دەستم بێ، نێرگزی ئاسمانت بۆ دادەگرم..!

ـ نێرگزی ئاسمان؟.. مەبەستت لە چییە؟

ـ مەبەستم پێ ئەستێرەکانە! ئاخر پۆلە ئەستێرەش نێرگزەجاڕی ئاسمانن.. بۆم بکرێ تەڵ تەڵ بۆتیان چەپک دەکەم!

ـ ئەڵڵا.. قسەکانت چەند خۆشن!!

ـ دەڵێم ئەم هاوینە بێتەوە، شەرتە شوانییەکەم وەردەگرم.

ـ جا نیازی چیت هەیە ڕێبوار؟

ـ بەنیازم زەماوەند بکەین پەریخان!

ـ دەزانی ڕێبوار، پێش ئەوەی خۆت بیدرکێنی، دەستە خوشکەکانم ئەم هەواڵەیان بەگوێمدا داوە؟!

ـ دیارە بە بۆچوونی ئەوانیش، وادەی هاتووە.. بەڵام ئەوەی کۆسپ بێ لەڕێگەماندا...

ـ هەیرۆ کۆسپی چی؟!

ـ سمکۆ!.. خۆت دەزانی ئەویش بەهیوایە.. چاویشی بەمندا هەڵنایە.

ـ ئۆ.. ئەویش وەک کوڕگەلی دێ ڕەنگە لە دڵی خۆیدا وەهای دانابێ و بەتەمای شتێ بێ. دەنا هیچ گفت و بەڵێنێکمان لە نێواندا نییە. لەم ڕووەوە دڵپەرت مەبە ڕێبوار.

ـ بەڵام سمکۆ شیر و تیرم لێدەسوێ.. بەشوێن ئەسڵ و فەسڵمدا دەگەڕێ.. شتی بچووکم بۆ گەورە دەکا!

ـ نازانم ئێوە بۆ پێکەوە ناتانکرێ؟! بڕوا بکە ڕێبوار، هیچ لە گۆڕێ نییە. ئەوەندە نەبێ سمکۆیش وەک ئەوانی دیکە لەدڵی خۆیدا بەنیازی شتێکە، بێ ئەوەی هیچ گفتێکم پێدابێ..

ـ ئەوەت لە یاد بێ، سمکۆ لەوانی دیکە بەهەڵپەترە.. زۆرزانتریشە!

* *

ئێوارایەکی ئاساییە.. ژاوە ژاو کەوتۆتە دێ. هەواڵێکی ناسازە و سەر بەکۆشی هەموو خێزانێکدا، بە مزگەوت و کانیی ژناندا دەکا.

یەکەم: چۆن دڵگران نەبم؟ ئایەو مایەمان ئەو مەڕانەیە!

ڕێبوار: گورگ تێیان کەوت!

دووەم: ئێمەیش دوو سەرمان دیار نییە!.. ئەی شوانمان بۆچی ڕاگرتووە؟

ڕێبوار: نەبووە بە باو، شوان گورگان خواردوو بژێرێ، ئەگینا بۆم دەبژاردن!

سێیەم: بەرانێکی ئێمەیش حێماوە!.. ئەگەر بڵێی دەمی گورگیشم لێ بەستبوو.. بەڵام تازە باوەڕناکەم بگەڕێتەوە!

ڕێبوار: باوەڕ بکەن تەم و مژێک بوو، چاو چاوی نەدەبینی. نەخۆم و نەشێرە و نە گورزە پێمان نەزانیوە کەی و لە کوێدا گورگ پەلاماری داوین.

چوارەم: قەزا و بەڵایان بردبێ. بۆ لەمەولا ئاگادار بە، ئاگادار!

* *

جێبەکە بەڕێوەیە.. سەرنشینەکانی پەرۆشی ئەوەن شوانەکەیان لە بارو دۆخی نوێدا ببینن. سمکۆ لە هەموویان پەرۆشترە و بە قسەی خۆی، دەیەوێ ڕووی ڕاستەقینەی ڕێبواریان پیشان بدا.. جێبی ماندوو، برێ جاران، کاتێ ڕووەو نشێوان دادێتەوە، کاریز و چومەڵلانان، بە دەستی تەڕیان ئاو پرژێنی دەکەن و فێنکی دەبێتەوە.. کاتێکیش هەوراز هەڵدەکشێ، دارو شەخسێکی چڕ لەسەر ڕێیدا بۆ پێشوازی هۆبەی هەڵداوە.

* *

ڕێبواری شوان، لەسەر جێگەکەی ڕاکشاوە و چاوی بڕیوەتە بنمیچەکە. وەک بیر لەکارێک بکاتەوە.. پاشان دەست دەداتە شمشاڵەکەی و فووی پێدا دەکا. خەیاڵی دەفڕێ، گەلێ دوور دەفڕێ.. لە تەقەی دەرگەی ژوورەکەی وریا دەبێتەوە و شمشاڵەکەی دادەنێ:

- فەرموو وەرە ژووری، لە مێژە چاوەڕوانم!

- ڕاستیت دەوێ قەدەرێکە لەلاتم!

- چۆن؟.. ئەی ئەوە نەبوو ئێستا لە دەرگەت دا؟!

- ئێستا لە دەرگەم دا، بەڵام تاوێکە لەودیو دەرگەوە گوێم بۆ ئاوازی شمشاڵەکەت هەڵخستووە.

- دانیشە با ئەو ئاوازەت بۆ بژەنم، کە حەزت لێیە.

- جارێ پێم بڵێ بۆچی لە دووت ناردبووم؟

- بەشان و گۆزەی سوورەوە چەند جوان بووی، کاتێ ئێوارە لە کانی دەگەڕایتەوە!!*

- سوپاس ڕێبوار.. ڕەنگە هەر لە چاوی تۆدا بەو ڕادەیە جوان بم، ئەگینا کچۆڵەیەکی ئاساییم.

- نانا، زۆر سەرو ئاسایی کەوتووی!.. نابینی کوڕگەلی دێ بە ئاواتی زەردەخەنەیەکتەوەن؟

- چ قەیدی خۆ من تەنیا یەکێکم لەو کوڕگەلە پەسند کردووە!.. هەر بۆ ئەوەندە بوو لە دووت ناردم؟

- وامەڵێ پەریخان. دەخوازم هەمیشە لەبەر چاوم بی.. دوای ئەوەیش دیاریم بۆ هێناوی.. دیاریی شوانیش..

- هەڵەکۆکە.. ئادەی بزانم؟!.. ئەی لە هەموو ڕێ و بانێک بەخێر بێیتەوە!

- ئەگەر بڵێی بەتایبەتی لەبەر ئەم گۆیژە ؛ ڕانەکەم بەرەو بنار دایەبەر.. بنۆڕە دەنکەکانی چەند گەورەو گەشن؟!

- ئەڵڵا!.. دەڵێی گۆی زێڕن!

- لەوێشەوە بە لاپاڵە تەشوێ تاشەکەدا هەڵزنام.. لای سەراورد، توێژاڵێک بەفر بە چیاوەیە.. چەپکێکم لەم گوڵە سپییەش بۆ چنیت!

- ئادەی.. بەڵام ئەو شوێنە زۆر ئەستەمە ڕێبوار.. خۆت خستۆتە مەترسییەوە. ئادەی، کە جوانە!.. بەداخەوە بێ بۆنە.. دەزانێ ناوی چییە؟

- لای خۆمەوە نێرگزە پاییزەی پێدەڵێم.. جانازانم خەڵکی ناوچەکە چ ناوێکیان لێناوە.. تەمەنی زۆر کورتە.. لەژێر ڕنووە بەفرەوە شین دەبێ.. وەک دەبینی باڵایەکی کورتیشی هەیە .. شایانی باڵا بەرزەکەی تۆ نییە پەریخان!

- ئەو دیارییەی لەلایەن تۆوە بێ ڕێبوار گیان پێی دەگەشێمەوە.. خۆزیا تەمەنی کورت نەبووایە.. بریا باڵای بەرزتر بووایە.. لەگەڵ ئەوەشدا سەیرە!.. گوڵیش هەیە لەژێر ڕنووە بەفرەوە شین دەبێ.. نێرگزە پایزە!.. ناوێکی خۆشت لێناوە ڕێبوار!

* *

- سەد بریا دایکت لە ژیاندا بووایە؟!

باوکی پەریخان ئانیشکی لەسەر سەرینە پەڕەکە هەڵبڕی.. ئەم وتەیەش لە کانگەی دڵییەوە سەری هەڵدا و بەگوێی پەریخانیدا دا.

- چۆن بوو لەم کاتەدا دایکمت هاتەوە یاد؟

- ئاخر ئەگەر دایکت بمایە، چاوی پێت ڕوون دەبۆوە.. هەر لەکچینی ئەویش دەچیت!

- باسی جوانی و ژیری دایکمیان زۆر بۆ گێڕاومەتەوە.. جاکوا بچوومایەتەوە سەر ئەو...

ـ وامەڵێ کچم، خوا نەکا بچیتەوە سەر ئەو!.. دایکت بەتەڕن تێدا چوو!
ـ ئۆی ئاژاوە و شەڕە دگل، لەم دەورو ناوە نابڕێ.. بریا نەکەوتایەتە نێوانیانەوە.. ئاخر ئافرەتێکی وەک دایکم لەکوێ توانای ناوبژیی ئەو لۆزەنگەرانەی هەیە؟
ـ تازە ڕۆی.. هەر زانیبووی ئەو دوو کوێخایە شەڕیانە، وتبووی" با خوێنی خەڵکی بێ تاوان نەڕژی" ڕووی کردبووە مزگەوت و پەلاماری قورئانێکی دابوو، ڕێک بۆ ناوەڕاستی شەڕەکە، تا بکەوێتە نێوانیانەوە.. ئەوانیش سەنگەریان لەیەک گرتبوو.. هەر گوێشیان لێ نەگرت و کەوتە بەر دەستڕێژی هەردوولایان!.. ئەوە بۆیە وتم خوانەکا بچیتەوە سەر ئەو!
ـ دایکم لە خۆڕایی تیاچوو.. هەرەتی ژنێتی بوو، کاتێ بەجێی هێشتین!
ـ ئەو حەلە تۆ زۆر منااڵ بووی، باوەڕ ناکەم بێتەوە یادت. دەزانی دوا قسەی چی بوو، پەریخان؟
ـ بۆت نەگێڕاومەتەوە.
ـ " ئەمانەتی تۆو پەریخان" ئەوەندەی وت و وەک گوڵەبەڕۆژە ملی لارەوەبوو.. بەم پەنجانەم چاوە گەشەکانیم داخست. ئەگەر بڵێی نەبزڕکابوو.. دەتگوت تازە لە گەرماو دەرهاتووە!.. ئاخ.!!
ـ بەداخەوە بابەگیان.. مەرگی دایکم زامێکی هەمیشە نوێیە و ساڕێژ نابێ!
ـ ئێستەیش کچم خۆت سەرپشک بە. ئەوە ڕێبوارە و لەبەر چاوتە. هیچ زۆرم لەسەرت نییە. ئەوەیش سمکۆ.. بۆ مەسەلەی سمکۆ، باوو باپیری دەناسم و پێکەوە لەم دێیە ژیاوین. بە ئێمە نامۆ نییە.. هەرچی ڕێبواریشە بەهەڵس و کەوتیا دیارە چۆن کوڕێکە.
ـ بۆچی ئافرەت چەند جار هاوسەری خۆی دیاری دەکا؟
ـ دەچاکە.. کەواتە ئەمە دوا قسەتە و ڕات لەسەر ڕێبوارە!
ـ بەڵێ دوا قسەمە بابە.. ئەرێ ئەو هەرا و زەنایە چییە؟!
ـ وەکو هەراکە ڕووەو ئێرە بێ وەهایە.. کوا پێڵاوەکانم با سەرێک بکێشم!
ـ ئەوە پێڵاو .. ها فانۆسەکەیش با پێت بێ.
ـ نایبەم، چۆن تۆ بەتاریکی بەجێ دێڵم؟
ـ ئەم گۆچانەیشت باپێبێ بابە.

* *

یەکەم: دووعامان لێ گیرا بووە!
دووەم: لە غەیبەوە بۆیان دێن.
سییەم: سەرم لەم کارە دەرناچێ.. مەتەڵێکە و بەکەس هەڵنایەت!
سمکۆ: نە دوعامان لێ گیرا بووەو نە لە غەیبیشەوە بۆیان دێن.. ئەگەر مەتەڵیش بێ هەر دەبێ هەڵبێت.
باوکی پەریخان: لەسەر خۆ بابە گیان لەسەرخۆ.. دیسان چی ڕوویداوە؟
یەکەم: بەرانێک و دوو سەر مەڕی سمکۆ نەگەڕاونەتەوە!.
ب. پەریخان: بەداخەوە کوڕم ڕێبوار تۆ چی دەڵێی؟
ڕێبوار: منیش زۆرم پێناخۆشە مامە.. تەم بوو. خۆت دەزانی گورگ لە تەمدا فرسەت دێنێ.
سمکۆ: وانییە.. تەم نەبووە.. تەم دوای باران یان هیچ نەبێ دوای بەفر پەیدا دەبێ.. ئەوە بۆ هەفتەیەک دەچێ تنۆکێک چییە باران نەباریوە.. کلوویەک چییە بەفریش لەپادەشت نەباریوە!
یەکەم: پشتاو پشتی ئەم دێیە کارەڕەهاتی وەهایان بە خۆیانەوە نەدیوە!.. وا ڕانەکە قڕی تێدەکەوێ.. بۆ خاتری خوا خەڵکینە چارێک؟
دووەم: ڕانی ئەم دێیە بەنامێ بوو!
سێیەم: هەرچی چۆنێک بێ، ئەم کێشەیە بەهێمنی چار دەکرێ!
سمکۆ: خۆ هەر مەڕی من نییە.. سێ سەر مەڕی پیرەژنێکیشە.. هەمووشیان مەڕی دووگ شۆڕن. لەم کارەساتەیشدا تەنیا یەک کەس پەنجەی گومانی بۆ درێژ دەکرێ!
ڕێبوار: بەقسەکانی تۆدا کاک سمکۆ، وەها دەردەکەوێ خۆم سەرم بڕیبن، وانییە؟
چوارەم: هەق بەسمکۆیە.. بەلای کەمەوە، بۆی هەیە پێت بڵێ: شوانێکی کەمتەرخەمی!

ڕێبوار: بەڵایەکە و تووش بووین.. لەپێش هەمووتانەوە ڕیشی خۆم دەگرێتەوە.
سمکۆ: ئاخر ڕان هەرچیەکی بەسەر بێ شوان لێی بەرپرسیارە ڕێبوار.. باوکی پەریخان ئێوە دەمسپیی دێن.. پێویستە زیاتر بەتەنگەوە بن.
ب. پەریخان: جا مەبەستت چییە سمکۆ؟ خەوی لێکەوتووە؟
سمکۆ: لەوە خراپتر!!
ب. پەریخان: لەوە خراپتر دەبێ چیبێ؟.. خۆ سەری نەبڕیون؟ سەری بڕیون؟!.. گریمان سەریشیان ببڕێ. مەڕێک سەروزیادە.. ئەو بەجارێک شەش سەر دیار نییە!!
سمکۆ: ئاخر ئەگەر گورگیش بێ، خۆ دەبێ جاریک ملی مەڕە لاتێک بشکێنێ؟!.. ئەو هەر بەران و مەڕی دۆشەنی و دووگ شۆڕ ناگەڕێنەوە، هەی بێ بەڵابی باوکی پەریخان!
چوارەم: ئەم ماستە موویەکی تێدایە!
ڕێبوار: لەوانەیە ورچ بیانبات، کێ چووزانێ؟
سمکۆ: دەبێ تۆ بزانی. تۆ شوانی.. تۆ لەمەڕی ئاوایی بەرپرسی.. ئەگەر ئەم ماستە موویەکی تێدا نییە، بۆچی چەند جارمان داوامان لێکردی ئەم مێگەلە زۆرە، بەشوانێک بەڕێوەناچێ، با یەکێک یارمەتیدەرت بێ، کەچی تۆ قایل نابیت و دەڵێی: شێرە و گورزەم بەسن؟!
سێیەم: ئەم قسەیە تەواوە.. ڕێبوار لە پێشی مێگەلەکەوە بڕوات، ئەوی دیکەیان مێرد منداڵێکیش بێ هەر چاکە. لەدواوە ئاگای لێیان دەبێ.. شێرە و گورزەیش با بەچوار دەوردا بێن و بچن.
دووەم: چوار چاو باشتر چاودێری پێدەکری وەک لە دوو چاو.
سمکۆ: ڕێبوار بەوە قایل نابێ.. ئێوەش قسەی تێدا ناکەن، ئەوا بۆخۆی ڕانی ئاوایی بە قڕچوو!
ڕێبوار: دیارە سمکۆ. تۆ هەر دەتەوێ تاوانبارم بکەیت. ڕاوەستە بۆم!
سمکۆ: بەڵی، تۆ ناپاکی لەگەڵ خەڵکی دێدا دەکەی.. وەرە هەی ناپاک!
سمکۆ و ڕێبوار چنگاوشی یەک دەبن.. خوێن بەپەلە دەکەوێتە قوڵپدان. هەنگاوەکان خوار و خێچ و بەدەوری یەکدا دێن و دەچن.. باسکەکان بەتوندی تێکدەئاڵێن.. پەنجەی هەڕەشە لێک ڕادەوەشێنن.. با، دەنگەکان دەشێوێنێ، دەیانبات، بەگوێی خەڵکی دێیاندا دەدا و دەرگەیان دەقلیشێنێتەوە.. هەندێک گوێ مووچی هەواڵن، سەردەکێشن و هەندێکی دی بەدەم هەراکەوە دێن.. باوکی پەریخان گۆچانەکەی بەرزدەکاتەوە، دەکەوێتە نێوانیانەوە و جیایان دەکاتەوە.
ب. پەریخان: کوڕینە گوێ بگرن:
یەکەم: گوێ لە دەمسپیی دێ بگرن..
ب. پەریخان: ڕۆڵە ڕێبوار، ئەمڕۆ ڕانەکەت هەتا کوێ برد؟
ڕێبوار: دۆڵی سوورەچنار و دارستانەکەی بەربنار.
ب. پەریخا.: دەفەرموون، چەقۆ بەدەست، خەنجەر بەقەد، تفەنگ بەشان.. بەتاریکی نا، چرا و لۆکس بێنن.. ئەمشەو هەردەبێ ساغی بکەینەوە!.. با ڕێبوار لەناو دێ بێ!
دووەم: کێوماڵە؟
سێیەم: جا بەم شەوە و کێوماڵ؟!
ب. پەریخان: بەڵی کێوماڵە و بەم شەوەیش!
سمکۆ: زۆر چاکە با ناوی خوای لێ بێنین.
چوارەم: با ئەم گرێ کوێرەیە بکرێتەوە.. با بەس مێگەلی دی غایلەی شەوو ڕۆژمان بێ.
سمکۆ: ئەگەر گورگ، یان هەر دەعبایەکی دی، لەمێگەلەکەی دابێ، خۆ دەبێ شوێن پێیان بە عەردەکەوە دیار بێ.. یان هەر هیچ نەبێ، خۆ دەبێ قوڵاخی مەڕێک بدۆزینەوە؟!.. یان ئەوەتا گورگی دوو پێمان پێ فێربووە!!

* *

پەریخان لێوەکانی وشک هەڵاتوون.. بی خوڵک و هێز.. بەدەم زیندە خەوەوە، لەسەر جێگەکەی تل دەخوات.. یادگارەکانی والا دەکاتەوە:

" لێم بەگومانە، بەڵام وەک بیستوومە هەموو دڵداریێ تادەگاتە دڵبەرەکەی لێی بەگومانە، پاشان وردە وردە تەمی خانە گومانیی دەڕەوێتەوە.. جا کوا من بەینم لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هەیە، یان هەبووە، غەیری ڕێبوار؛ مەگەر ئەو جارە نزیک چەمی گەورە، چەمەورە، ئەویش بەڕێکەوت من لە پەرێز و سمکۆ لەڕاو دەگەڕایەوە، ئیدی ئەوەبوو، بوو بە هاوڕێم و قسەی بۆکردم، وەک بێتەوە یادم بەدەم ڕێوە وتی ئەوە ساتەوەختێکە پەریخان لە دیار ئەو گۆمە دانیشتووم، تۆش بە گۆشت و خوێن و ئێسکەوە بەڕووت و قووتی، پرچت تەڕو، بە پشت و سینەتەوە دەنووسێ، بێباک بە پێش چاومدا دێیت و دەچی، بانگت لێدەکەم و ئاوڕ نادەیتەوە، وەکو تریش شەرمم لێ ناکەیت و مێش میوانت نییە؛ لەبەر چاوم شڵپ و هووڕ مەلە دەکەی، ئەمجا وەک شەڕەئاو لەگەڵ کەسێکی ئازیزدا بکەی، ڕووت و قووت و دڵشاد، بەهەر چوار لادا دەکەویتە ئاو پرژاندن، قاقا پێدەکەنی، چاوم دەگلۆفم، سەر هەڵدەبڕم، باڵای لوتکەکەی بەرامبەرم دەبێتە باڵای تۆ، یان باڵای تۆ دەبیتە چیایەکی بڵند، پرچت دەبێتە گەڵای دارەبەن و بای خاو دەیشەنێ، زۆری پێناچێ، لەپەنا هەر زنارێکدا، لە تەنیشت قەدی هەر پیرە داربەڕوویەکدا، لە سایەی هەر دەوەن و شەخەڵێکدا، لە بوودڕ و کەندالدا، ڕوخساری تۆ سەردەکێشێ، تەروو، بەوز، بەلەک، نەیجە، دەبن بەتۆو دەبنەوە بەخۆیان، قسەکانی سمکۆ هەر ئەوەندە بوون، من ورتەم لەدەم دەرنەهات، ئێستاش ڕێبوار لێم دڕدۆنگە، بەڵام گومانم هەیە، وەکو تریش،کە ڕێی کەوتە ئێرە، زوو جێی لە دڵما کردەوە، گفت شیرین، سیما جوان و ڕێک، هەر کاتێکیش خەم شاڵاوی بۆ هێنابم، خۆم داوەتە بەر شەپۆلی ئاوازی شمشاڵەکەی، کەچی ئەوەتا وا خەریکن تاوانباری دەکەن، سمکۆیش چەند لاوێکی پشوو درێژە، چەند لەسەر ڕای خۆی سوورە..."

لەپڕ دەستێک لە دەلاقەی دەرگەکەوە دێتە ژووریێ!.. زەق چاوەکانی دەکرێنەوە و هەناسەی ڕادەگرێ. بە پشوویەکی نیوە خنکاوەوە ڕادەپەڕێ:

ـ کێیە ئەوە؟!

ـ منم کچی شیرینم، مەترسێ!

ـ ئەی بۆ لەدەرگەت نەدا؟

ـ ویستم بەئاگات نەهێنم.. وتم با بۆخۆی بنوێ.

ـ خەوی چی بابە گیان؟.. لە ئێوارەوە تەواو لە مەراقدام.

ـ نانا، بیر لە ڕووداوی ناخۆش مەکەرەوە.

ـ باشە بیری لێناکەمەوە.. ئای بابە ماندوو نەبوونیشم نەکردی.. هیچتان بۆ ساغ بۆوە؟

ـ چی بڵێم کچی شیرینم.. نازانم.. بست بە بستی دۆڵی سوورە چنار و دارستانی بەربنارمان تاقیکردەوە.. نەقوڵاخی مەڕێکمان دی نەشوێن پێی دەعبایەک.. کەروێشک مەڕ دەخوات؟

ـ کەروێشک و مەڕ بخوات؟.. کەروێشک پووش خۆرە بابەگیان.. گیاندارێکی بێ دەسەڵاتە بابەگیان.!

ـ دەسا شوێن پێی کەروێشک نەبێ، هیچی دیکەمان نەدی.

ـ ئەی گوایە ئەم مێگەلە بۆچی وا قڕی تێدەکەوێ؟!

ـ ئا، بیرم چوو پێت بڵێم، شوێن تایەی ئۆتومبیلێک دیارە. هەتا دارستانەکەی بەربنار هاتووە!

ـ شوێن تایەیەی نوێیە؟

ـ بەڵێ، لەوە دەچێ هی ئەمڕۆ بێت.. ئائا، شوێن تایەکان نوێن!

ـ بەڵام ئەمڕۆ ئۆتومبیل نەهاتۆتە ئاوایی.. مەگەر جێبەکەی لای خۆمان..

ـ ئەوڵای شوفێر دەیگوت:" ئەمڕۆ لەدێ دەرنەچووم."

ـ دەبێ ئەو ئۆتومبیلە بۆ ڕێی کەوتبێتە ئەوێ؟.. بەربنار لاڕێیە و سنووری دێی خۆیشمانە!

ـ سەیرە!.. ئێستا، کە هاتمەوە سەرێکم بەلای ڕێبواردا لارکردەوە.. وتم لەوانەیە بزانێ ئەو ئۆتومبیلە بۆ ڕێیکەوتۆتە بەربنار؟!

ـ ئێ بابە. ئەی ڕێبوار چی وت؟

ـ لەوێ نەبوو کچی خۆم!

ـ ڕێبوار لەوێ نەبوو؟.. ئەی بەم شەوە لەکوێیە؟!

* *

خۆر ڕمێ بەرزەو ڕێبواری شوان شوێن و هەتری دیار نییە.. مەڕ، قاڕە قاڕ و باعە باع، وەربوونەتە کۆڵانەکانی ئاوایی.. شێرە و گورزە، بەبەر دەرگەی ژوورەکەی ڕێبواردا دێن و دەچن و ماخۆڵانیان پێکەوتووە. نووسکە نووسکیانەو بۆن بەدەرگانە و ژوور و حەوشە و بانەوە دەکەن. دەقرووسکێنن و لووت بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕن. کلک لە نێو گەڵ، بەدەوری یەکدا دەسووڕێنەوە.. خەڵکی گوندیش بەلەز ڕووەو بەرهەیوانی مزگەوت هەنگاو دەنێن!

چوارەم: شوان ئەگەر سەر نەنێنە سەری و زویری نەکەن ناتۆرێ.

ـ شوان ئەگەر شەرتە شوانیی نەخۆن ناتۆرێ.

دووەم: ئەی گوایە شوانەکەی ئێمە ڕووەو کوێ چوو، لەسەر چی تۆرا؟!

یەکەم: ئەگەر نەختێ شێنەیی بین، وەڵامی ئەم پرسیارە دەزانین.

سمکۆ: دەمخۆش!

ب. پەریخان: ئەرێ دوێنێ، بەنیازی داربڕین. کەس ڕێی نە کەوتۆتە دارستانی بەربنار؟

سمکۆ: دوێنێ هەینی بوو. خۆت دەزانی ڕۆژی هەینی جووتیار دار نابڕن.

ب. پەریخان: بیرم چوو دوێنێ هەینی بوو. وتم بزانم کەس ئەو ئوتومبیلەی بەربناری لە نزیکەوە نەدیوە؟

سمکۆ: ئەو ئوتومبیلە جێی سەرنجە!.. بۆچی بە ڕۆژی هەینی گەیشتۆتە بەربنار؟ ئاخر بەربنار چی لێیە؟!

یەکەم: لەوە دەچوو ماوەیەک بێ کرابێ بەڕێگە!

دووم: مەبەستت چییە؟

ب. پەریخان: دەیەوێ بڵێ: ئەمە یەکەم جار نییە ئوتومبیل بگاتە ئەو بنارە!

سێیەم: ئەی چارێک بۆ مێگەلەکە نەدۆزینەوە؟.. گریمان ڕێبوار نەگەڕایەوە؟!

ب. پەریخان: ئەمڕۆ هیچ.. لە سبەینێوە دوو زەلام بەکرێ دەگرین.

چوارەم: کێ دەڵی سبەینێ، یان هەر ئەمڕۆ ڕێبوار ناگەڕێتەوە؟

یەکەم: لەوەدەچێ لەو پێکدا هەڵپژانەی دوێنێ شەو دڵگران بووبێ.

دووەم: با هەر لە خۆمانەوە تفەنگ بەتاریکەشەوەوە نەنێین.

سمکۆ: شتێکتان بیرچوو باسی بکەن!

ب. پەریخان: دەفەرموو، ئەوەی بیرمان چووە تۆ بیری کوڕگەلی بخەرەوە.

سمکۆ: لەبەربنار، لەو جێیەدا، کە ئوتومبیلەکە وەستاوە، شوێن سمڵۆچکی مەڕێکی زۆر بە عەردەکەوە دیار بوو.. شوێن پیی زەلامیش.. لەوە دەچوو دوو کەس بووبن!

ب. پەریخان: تێبینییەکی وردە.. لەبەرچی ئەو هەموو مەڕە لەو ئوتومبیلە کۆ بوونەتەوە؟.. ئەی ئەو دوو کەسە کێ بوون؟

* *

جێبەکە گەیشتە شار.. شاری جوان و جەنجاڵ و بە دەنگ و هەرا.. دوای چەند جارێک وەستان و بادانەوە، هەوراز بە ڕاستە شەقامێکدا ڕێی گرتەبەر پاشان لەکەناری شەقامێکی خاوێنی هەردوو بەر بە درەختی بەرز ڕازاوەدا کەناری گرت. سەرنشینەکانی ڕژانە سەر پیادەڕەوی شەقامەکە.. پەریخان دڵەکوتێ و پەرێشان حاڵیی پێوە دیارە.. بازنەی شین دەوری چاوە نیرگسییەکانی تەنیوە.. یەک لەباری پەریخان ئەم گەشتە لە ناکاوەی شار و بۆ ئەم مەبەستەی ؛کە ڕۆژی لە ڕۆژان بێری لێ نەکردبۆوە، ئەزموونێکی سەختە.. باوکی لە دەستێکییەوە، سمکۆ لە دەستەکەی دیکەیەوە، سەرنجی ماڵێکی بەرامبەر دەدەن.. سمکۆ بە هێمنی دەستی دەهاوێتە سەر شانی پەریخان و دەڵێ:

ـ ئەم کۆشکەی بەرامبەرمان دەبینی؟

ـ دەیبینم.. خۆ گلاراوم نییە!.. چۆن بە پۆل؛ کۆترە شینکەی کێش کردووە، ئاوەهایش سەرنجی خەڵک بەلای خۆیدا دێنێ!.. ئا دەیبینم سمکۆ!

ب. پەریخان: قەڵایەکە و لە تەختاییدا هەڵچووە!

سمکۆ: ئێوە بۆ دیواری مەڕمەڕ تێگیراوی بڕوانن. سەرنج بدەن چۆن لەودیو ئەو کورتە درەختانەی حەوشەکەیەوە بەرجەستە دیارە؟

پەریخان: سێ نهۆمە.. ئەم تەلارە لە کوێ و خانووەکانی دێی خۆمان لەکوێ؟!
سمکۆ: پەلەت نەبێ ئێستا خاوەنەکەیشی دەبینی.. هاکا پەیدابوو!
پەریخان: چووزانی؟
سمکۆ: ئاخر ئەو سووپەرە شینە کاڵەی بەردەرگە هی ئەوە..!
پەریخان: دەڵێی ئێستا لە کارخانە دەرهاتووە!
ب. پەریخان: دەبریسکێتەوە.. نابینی وێنەی هامشۆکەران، دار و دیوار، هی کۆشک و تەلاری دەوروبەری تێدا پەرچ دەبێتەوە؟.. نەختێ لێی بچیتە پێشتر وێنەی خۆتی تێدا دەبینی!
سمکۆ: ئاوڕێک لە جێبە سپییەکەی گوند دەداتەوە و دەڵی: چۆنە لەگەڵ جێبەکەی دێ؟
پەریخان: ئاسمان و ڕێسمان!
لە قووڵایی کۆشکەوە، لاوێک، بە ڕانک و چۆغەی شینکییەوە دەرکەوت. کراسی ڕەش و پشتوێنی ڕەش.. قژی بۆدواوە هەڵداوەتەوە.. ئەو وا خەریکە دەگاتە چەقی دەرگە گەراجییەکەیان.. خەڵکی گوندیش، لە پیادە ڕەوەکەوە دادەبەزنە سەر ڕاستە شەقامەکە.. لاوەکە بەلای چەپ و ڕاستی خۆیدا دەڕوانێ و ئەمان نابینێ. سویچی ئوتومبیلەکە لە باخەڵی دەردێنێ و ئەنگوستیلەی زێڕ، لەپەنجەیدا دەدرەوشێتەوە... پەریخان وەک لەنێوان ئاسمان و زەویدا قەتیس مابێ، نە ئەوەیە ئاسمان هەڵیلووشێ و نە ئەوەیشە زەوی قووتی بدا.. سەری لە گێژەوە دەچێ.. لە چرکەیەکدا، ئاواز و ڕاز و نیازە هەنگوینییەکانی دینەوە یاد و هەموویان لە لووتیەوە دێنەوە دەر و لێی دەبن بە ژەقنەبووت. " جا نێرگز چییە پەریخان؟.. ئەو دەشت و هەڵەتە بە تۆوە جوانن.. نێرگزی ئاسمانت بۆ دادەگرم.. بە نیازی ئەوەم زەماوەند بکەین پەریخان.. نێرگزە پاییزە."
یەکەم: چەند کۆتاییەکی دڵپروێنە؟!
دووەم: دێتەوە بیرتان، کە گەیشتە دێ کەس نەیدەناسی؟
سێیەم: بەڵام هەموو سامانی دێتان نایە بەردەست!
چوارەم: کلیلی گوندمان دایە دەست. ئێمە گێل بووین.. نەچووبووینە بنج و بناوانی.. کوێرانە متمانەمان پێکرد!
یەکەم: کە هاتە دێ، سەلماندی بەتوانا و زیتە.. نیشان شکێنە.. سمێڵێکی ڕەشی پڕی هەیە.. ئاوازێکیشی بە شمشاڵەکەی دەژەند بەردی دەکرد بەئاو و دڵی دەتاوانەوە!
دووەم: بە دەم و پلیش بوو!
سێیەم: وەنەبێ هەموو گێل بووبین.. ئەوە نەبوو، هەرکە یەکەم مەڕی دێ خورا، سمکۆ گومانی لا پەیدا بوو.. هەر سمکۆمان تێدایە وریا بێ.. ئەو نەبووایە ئێستایش نوقمی دەریای بێ ئاگایی بووین.
ڕێبوار دەرگەی سووپەرەکەی دەکاتەوە.. یەکسەر سەردەکەوێ.. سویچەکە دەباتە پێش.. دەمودەس سووپەر پێدەبێ.. لە ئاوێنەکەی پێشییەوە بۆ دواوە دەڕوانێ و پەریخان دەبینێ.. مچوڕکێک، وەک لەپڕێکدا شێرێ بەرەوڕووی هاتبێ؛ ڕایدەچڵەکێنێ و دەستی بە ستێرنەکەوە گۆج دەبێ.. دەستی ڕاستیشی بە گێڕەکەوە لکاوە.. باوکی پەریخان و ژمارەیەک جووتیاری گوند لێی وەپێش دەکەون و دیقەتی دەدەن.. سمکۆ پێشەنگیانە.. تەیمانێک لە مرۆڤی ئەوق بوو لە چوار دەوری بەرزدەبێتەوە..
ناحەزانە بۆی دەڕوانن.. لە چاویانەوە تیشکێکی بەهێز هەڵدەکات.. جل و بەرگ و گۆشت و ئێسکی ڕێبوار دەسمێ و دیوی ناوەوەی دەخاتە ڕوو.. دوو ڕست فرمێسکی گەرم بە بان گۆناکانی پەریخاندا دەخزێن.. بازنە شێنەکانی دەوراندەوری چاوە نێرگسییەکانی زۆرتر و تێرتر دەبن.. کەس هیچ ناڵێ.. وەستاوو نتم لێی ڕادەمێنن.. ڕامانێکی بێدەنگ، تژییە لە تانە و داشۆرین و بەرەوڕووبوونەوە و لەقافا گرتن.. نە ئەوەیە باژوێ و لە وزەی ئەو گورزە تیشکانە دەرباز بێ، کە لە چاویانەوە دەردەپەڕن و ئەمدیواودیو دەیسمن. نە توانا و ڕووی ئەوەیشی هەیە بەخێریان بێنێ.. ئەو بەجارێک ناخ و مێژووی وا لەسەر ئەو ڕاستە شەقامە کەوتووە و ئاشکرا بووە.. لەهیکڕا ئارەزوو دەکات باژوێ، تاکو لەم تەنگانەیەی تێکەوتووە ڕزگاری بێ. وەلی چەند دەکۆشی و پەلەقاژەیەتی، کەچی قاچەکانی ناگەنە کلاج و برێک و بەنزین.. سەرنجی گەڵ و هەژگی خۆی دەدا و لەرزی لێدێ.. بوون بە گەڵ و هەژگی گورگ و دەستەکانی بەچنگ کۆتاییان دێ.. لاقەکانیشی هەر بوون بە لاقی گورگ.. هۆپێکی لەخۆ زانی لەسەر کوشنگەکە هەڵتروشکاوە.و دەمرێنێ..کاتێ لەئاوێنەکەوە سەرنجی ڕوخساری خۆی دەدا؛ دەبینێ کەللەیەکی سێگۆشەی تیسکنی پێوەیە، بەلمۆزێکی ڕەش کۆتایی دێ کەڵبەکانی تیژ و درێژ.. خێرا خێرا زمانە سوورەکەی

دەردێنی و دەیکاتەوە بەناوا و دڵۆپ دڵۆپ لیکی لێدەچۆڕێ.. گورگێکی برسی لەناخیدا دەلوورێنێ.. لەپەستا چاوە ڕەشە تۆخەکانی دەکاتەوە و دەیاننووقێنێ.. مرۆڤەکانی چواردەوری بۆی دەڕوانن.. بەڵام ئەو ناوبەناو سەرنجی هەرە ناسکتیرنیان دەدات و لیک دەڕژێنێ.. جارێکی دی لە ئاوێنەکەی بەرامبەرەوە دەڕوانێتە خۆی.. گوێچکە قوت و تیسکنەکانی بەر بنمیچی سووپەرەکە دەکەون.. لە دواشەوە کلکێکی بۆری تیسکن و درێژی لێڕواوە، بۆ ئاستی کەللەی هەڵگەڕاوتەوە.. دەستەکانی کە دوو چنگی تیژی خۆڵەمێشین. نە گێڕیان بۆ دەگۆڕدرێ و نە ستێرنیان پێدەگیرێ.. سینگێکی لەچاو لەشدا پان و دەستی بەهێز.. چاوەکانیشی هەرچی نیگای سۆز و خۆشەویستیی بێ تیایاندا کوژاوەتەوە.. بەڵکو پریشکی قین دەبارێنن..

هەرچۆنێ بێ دەرگەکەی کردەوە و بە چوار چنگۆڵە دابەزی.. لەلای خەڵکی دێ، ڕاستە شەقامەکە زەرد هەڵدەگەڕێ و دەبێتە پاوەن.. مێگەلی دیی تێدا دەلەوەڕێ.. لەپڕ دەبێتە کەوەڕۆژ و پەلە هەورێکی چڵکن خۆرو ساماڵ دەشارێتەوە.. پەزیش دەمیان ژەندۆتە پووش و سرووت. لەپر گەلەگورگ، لەودیو کێف و زورگەکانەوە سەردەکێشن. سەرەتا هەر لمۆزیان دیارە!.. ئەمجا بەئاگاو سرک دێنە پێشەوە و ئیستێک دەکەن و مێگەلەکە تاقیدەکەنەوە.. چەند جارێک لمۆز بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕن.. ئەمجا بە چوار کەناردا چاودەگێڕن.. ئێستا سینگیان بە بەرزییەوە دیارە.. دابەش دەبن و هەر سیان چوارێکیان لە قۆڵێکەوە لاتریسکە دەبەستن. مێگەل لە لەوەڕ دەتۆرێن.. کەس باس و خواسی هەڵمەتی گورگی بە گوێی مەڕدا نەداوە، کەچی کاتێ بۆ یەکەم جار لە نەدیوی و نەناسی بەرەوڕووی دەبێتەوە، قەڵەمی دەست و ئەژنۆی دەشکێ و پێدەزانی ئەو گیاندارە دوژمنی قەستی سەرە.. مێگەل دەرەونەوە.. ڕێبواریان لە ناودایە لیک لە لغاوەی دەچۆڕێ.. دەلوورێنێ، دەمرێنێ، چنگ و کەڵبە تیژەکانی پیشان دەدا.. چاوی لە گەلە گورگەو بۆیان دەڕوانێ.. گەلە گورگ لەهەر چوارقۆڵەوە یەکسەڵەف بۆ ناوەڕاستی مێگەلەکە هێرش دێنن.. پەز دەرەونەوە و شەق و پەق دەبن و هەر برکەیەک و بەقۆڵێکدا. ئەمجا هەر دووان سیانێک بە لایەکدا و لە پەنایەکدا دەگیرسێنەوە.. گورگ کلکیان ڕەپ، چاویان بز و لیک بە لغاوەیاندا دەزوولەی بەستووە.. مەڕ دەقاڕێنن و دەباعێنن. شوان بەدەنگیانەوە ناچێ.. لەجێی خۆی وشک وەستاوە و لە دیمەنەکە ڕادەمێنێ.. جارێکی دی گەلەگورگ سەری مەیدان دەگرنەوە.. ئەمجارەیش هێرش بۆ چەقی مەیدان دێنن.. پەزی تۆقیو دوو دوو، سێ سێ، لەبن کاوێک، ناو دەوەنێک، تڵیشە تاوێر و کەڵۆزێک دەگیرسێنەوە. گورگ زاریان بەشە و تەکان دەدەن. هەناسکە هەناسکیانە. خیزەی سینگیان دەبیسترێ.. شێرە و گورزە بە دەوری ڕێبواری شواندا ئاشە بەتەنوورەیانە.. دەقرووسکێنن و لێی ڕادەمێنن. کلکیان بە ناوگەڵیاندا کردووە و خۆیان لەڕێبوار هەڵدەسوون.. مەڕ بەسەر یەکدا دەکەون و هەڵدەسنەوە.. بەدەوری شواندا دەخولێنەوە. ڕێبواری شوانیش نە دەی لەسەگەکانی دەکات و نە دەست بۆ تاپرەکەی شانی دەبا.. گورگ دەکەونە شوێن مەڕی قەڵەو.. گوڕ دەبەستنەوە و لمۆزیان درێژ دەکەن و بازهەڵدەدەن.. لمۆز لە قرتێنکە و قوڕقوڕاگەی مەڕی قەڵەو گیردەکەن و بەسەر یەکدا دەیئەنجنن.. تا هێزیان تێدایە ڕایدەتەکێنن و خوێنی بەردەدەن.. هەر بەکەڵبە و لمۆزی سوورەوە هەڵمەت بۆ یەکێکی دیکە دەبەن.. گەلەگورگ بەدەم سەر ڕاوەشاندن و کەڵبە تێچەقاندنەوە دەمرێنن و ترس دەبەشنەوە.. خەڵکی دێ مووی لەشیان زیت و پشوویان سوار.. شوان تەنانەت دانانەوێتەوە بەردێکیان تێبگرێ یان هەلەلەیەک لە گەماڵەکانی بکا و گاڵیان بدا.. برکەی مەڕ گۆمی گێژە و بە دەوری ڕێبواری شواندا دەخولێتەوە. ئەویش وەک بەم دیمەنە بگەشێتەوە وەهایە.. گەلەگورگ دەیان کەلاکیان خستووە.. ئەمجا بەزەبری سینگیان مەڕ دەدەنە پێش و دەکەونە پشت یاڵ و باسکەکان.. شوان دەم دەژەنێتە گۆشتی کاڵی کەلاک، کە هێشتا بەدەم خوێن و خوڕی زامەوە دەقاڕێنن.. سەر هەڵدەبڕێ و بە لمۆزی خوێناوییەوە بۆ خەڵکی دێ دەڕوانێ.. خەڵکی دێ، لە هەراو زەنای هامشۆکەرانی شەقامەکە، لە هۆڕنی دوور و درێژی ئوتومبیلەکان دێنەوە سەر خۆیان.. وردە وردە دیمەنە ترسناکەکەی بەرچاویان کاڵ دەبیتەوە.. جارێکی دی شەقام بە کۆشک و بازار و خەڵکەوە دەردەکەونەوە.. ڕێبوار بەپەلە خۆی دەپەستێتە ناو سووپەرەکەی و دەنگ و زریکەیەک لە تایەکانی هەڵدەسێنێ و دڕ بەو حەشاماتە دەداو بەپەلە دەردەفرتێ.

سمکۆ، سووکێ دەست بە شانی پەریخاندا دەدا و دەڵێ:

ـ با بگەڕێینەوە دێ.. ئەمە چیرۆکی ئەو شوانەیە ، کە بوو بە گورگ.

شوباتی1987.

* ئاماژەیە بە دێڕە شیعرێکی گۆران.

www.dengekan.com

** کاتی خۆی لەلایەن مامۆستا (کەمال غەمبار)ەوە بە عارەبی کراوە.